# ماڵی فاشی و ماڵی کاشی؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

کێ فاشییە و بەکێ ئەوترێت فاشیست؟ ئەی بەچ دەسەلآتێک ئەوترێت فاشیزم؟ مەگەر فاشیزم بەتەنها ئەوەتا لەنێو زاراوەو چەمکە سیاسی و دەوڵەتیەکاندا یان دەکرێت زۆر کەس و لایەن فاشی بن، مرۆڤ و عەقڵ و ئەخلاق و ترادسیۆن و کولتورو تەنانەت بەقاڵ و شۆفێرودەرگاوانی ماڵە مەسئولەکانیش!؟ دەکرێت لە ووتارێکی جیدی بێینە دەرەوەو کەمێک شۆرببینەوە بەدنیا عەنتیکەوکەلەپوریەکەی کوردایەتی پاش راپەریندا و لێخۆشبونی جاش و موستەشارو خاوەن مەلەفەکان و رەفیق و وەفیقەکان واز لێبهێنین، بزانین ئاخۆ ئەو گۆرانکاریانەی کە ڕوئەدەن رودانێکی سروشتی و جەوهەرین یان ڕوودانێکی عەفەوی و راگوزەریانەی فاشیانەن لەدەرەوەی ئیرادەی تاکی کوردی،
دیارە بۆ تێگەشتن لە دنیای کوردی ئەبێت بگەرێینەوە بۆ دۆخی لەدایک بوونی چەمک و زاراوەی فاشی کە وەک ئەخلاقێکی سیاسی باوی سەرکوتکەرانە مۆسۆلینی سەرکردەی ئیتالی دایهێنا کە خودی ئەم چەمکە بریتی بوو لە نەژاد پەرستیەکی بێتام و گەورەکردن و بەرجەستەکردنی نەتەوەو نەژادی دەسەلآتدار بەسەر قەوم و چین و توێژەکانی تردا وەک نەتەوەی یەکەم و سەردەست و لەخۆڕازی، کەواتە فاشیزم لە ماناومەدلولاتە سادەکەیدا و بەزمانێکی سادەگۆ گوزارشت بوو لە خۆدەرخستن و سنگ دەرپەراندن و جیاوازی دروستکردن لەگەڵ ئەوانی تردا بەوەی ئەمان هەڵبژاردەو بێوێنەو بێخەوش و شایانی سەرداراێتیکردنی مرۆڤایەتین بەلآم بە رێگەی توندوتیژی و ستەمکاری، بەمانا سیاسیە ئاڵۆزەکەش چینێکی راقی و نەژادێکی نوخبەی دەسترۆشتوی پاوانخوازی دیکتاتۆر بەسەر کۆی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی تردا.
ئەم مانایانە ئەگەر وەکو میتافۆر وەرگرین دەبینیت وەکو دۆخێکی ناتەندروستی عەشائیریانە پەریوەتەوە بۆ دنیای ئێمەو ئەوەی پارەی هەبێت و سەیارەی راقی پێبێت و ماڵەکەی شوشەوکاشی مەرمەڕبێ و خزمی مەسئول بێت حساب بۆ کەسانی تر ناکات و خۆی بەجیاواز ئەزانێت و بەردەوام خەریکی فەنتازیاکردن و پۆزلێدان و سەروەری و وەتەنیات فرۆشتنە بەسەر خەڵکانی تردا، بۆنا ئەوەتانێ بەرجەستەترین نەخۆشی کە لەنێو ئێمەدا بلاو بۆتەوە مەسەلەی ئەو جیاوازییە گەورەو گرانەیە کە هەیە لەنێو چینەکانی کۆمەڵگای کوردیدا سادەترینیان هەژارترین و داماوترین کەسەو دراوسێی دەوڵەمەندترین و فاشیترین کەسیشە، دووماڵ لە تەنیشت یەکەوە کە تادوێنێ بودجەی خێزانییان وەکو یەک بوە ئێستا ئاسمان و رێسمانە، دوو پێشمەرگەی یەک سەنگەر کە تادوێنێ بوو فیشەک وجەنگ وبەعس وەکو یەک هەرەشەی لە هەردوکیان ئەکرد ئێستا یەکێکیان شەهیدو ئەویشیان ماڵی کاشی و فەرقەکەیان ئاسمان و رێسمانە، ئەو جاش و بەعسی و کۆنە ئیستخباراتی رژێم بوە ئێستا تەنزیمی و کوردیی و تازە خواپێداوی حیزبە، ماڵی کوردی ئێستا گیرۆدەیە بەدەست پەتایەکەوە کە پەتای خۆبەزلزانییە بۆ هەندێ خێزان و کەس و لایەن کە هەڵگری هەمان خەونی فاشیانەی دەسەلآتن بەلآم بەماکیاژێکی ترەوە! ئاخر لەمە فاشی تر ئەبێ چی بێت کاتێک کورە مافیاو مەسئول وسەرمایەدارێکی کورد کە چاوی هەڵهێناوە تەنها دوشتی بینیوە ئەویش سپلیت و سەیارەی راقییە کەچی بە پۆزلێدانێکی تادوا ئاست فاشیانەوە لە ناو هاورێ تا دوا ئاست کەم دەستەکانیدا ئەڵێت بەسیوپێنج وەرەقە لەدوبەی لەگەڵ بورتوقالەو توفاحەو کێ و کێ رامبواردوەو کێش باوەرناکات ئەوە ئەدرێسەکەی؟! سەیرە ئەی هەژارەکانی وولآتەکەم چی؟ئەی ئەوانەی تائێستا کرێچین و هەتا ماون خانو بەدو چاو نابینن چی ؟ئاخر لەم نەریتە فاشیتر ئەبێت چی بێت کە حیزبی کوردی بەرهەمی ئەهێنێت؟ ئیترلەم کۆمەڵگایە ئەبێت یان مافیا بیت یان کورە مەسئول و دەسەلآتدار ئەگینا ناتوانیت بچوکترین تەمەتوع لەو ژیانەدا بکەیت، بەسیحری موچە زیادکردن هەموومانیان دوچاری گرانییەکی بێئامان کردۆتەوە بێ ئەوەی ئاگامان لە سوکوسەلیمی ئەو پارەیە هەبێت کە مانگانە وەرئەگرین، هەزاردیناره بریمەرە بێ بەرەکەتەکانی ئەمرۆ هەمان (قوەی شیرائی) یەک دینارە ئاسنەکانی سەدامیان هەیەو ئەگەر کەسێک ئەمرۆ ملیۆنێک دینار موچەکەی بێت وەک هەزار دیناری کۆنی سویسری وایە کە جاران وەری گرتوە کەسیش ناڵێت ئەم ( سیولە نەقدیە) کێ داینا و بۆچی موناقەشەتان نەکرد؟ بەناو پسپۆرە مەعاشخۆرەکانی وەزارەتەکانی دارایی بۆچی رازی بوون هەزار دیناری سویسری بەرانبەربێت بە سەدو پەنجا هەزار دیناری کەمبەها لەکاتێکدا سەدو پەنجا هەزار دینار وەکو سەدو پەنجا دیناری سویسری وەهایە و سەدوپەنجا کیلۆ تەماتەش ناکات؟ ئەمە ئەو کارەساتەبوو کە کەسێک قسەی لەسەرنەکرد، ئەگینا مەعقولیەتی تێدایە کیلۆی تەماتە بە دو هەزار دینار بێت واتە زیاد لە دەدیناری سویسری، ئیتر شمەکەکانی تریش بابوەستێت، دیارە ئەوەی دەسەلآتداروقسە رۆشتوو بوو باکی لەو مەسەلەیە نەبوو بۆیە گوێشی پێنەداو رازی بوو بەهەر بریارێکی دەسەلآتی کاتی هاوپەیمانان، ئەمەش هۆکەی بۆ ئەوە ئەگەرایەوەکە لەماڵی فاشی و ماڵی کاشیا ژیانی ئەگوزەراندو ئەوانەی چواردەورو دراوسێش بە گەداو خزکەتکار، ئالێرەوە حەقە بپرسین کوا ئەو چاکسازیانەی کەلەکاتی هەڵبژاردنەکاندا حیزبی کوردی قسەی لەسەرکرد بۆ دەنگ کۆکردنەوە کە سادەترینیان باجی عەلوەو جێگیرکردنی نرخ بوو؟ ئەکرێت بۆ هەموو ئەمانە ئەنجومەنی پارێزگا کە تازە دەستبەکاربوە و دەنگمان بەدروشمەکانی دا بخەینە بەر لێپرسینەوەو رەخنە.